بەرگری شارستانیەتی هەولێر: ئاگرەکەی بازاری لەنگەی هەولێر زیانی ماددی زۆری لێکەوتوتەوە



بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر راگەیاند ئەو ئاگرەی کە لە بازاری لەنگەی شاری هەولێر کەتووتەوە تائێستا هیچ زیانی گیانی نییە بەڵام زیانی ماددی زۆری هەیە.

کاروان میراودەلی وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند:- کە بەرگری شارستانی کار دەکات بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکەکە کەئێواری ئەمڕۆ سێ شەممە لەبازاری لەنگەی کەتووتەوە لەنزیکی شەقامی سەد مەتری، هەروەها ڕوونیکردەوە کەتائێستا خۆشبەختانە هیچ زیانی گیانی نەبووە بەڵام زیانی ماددەی زۆری هەیە.

میراودەلی وتیشی: بڕوبڕی بەرگری شارستانی و پارێزگاری هەولێر لەسەر هێلن و ئاگاداری ڕوداوی ئاگرکەوتنەوەکەن، ئەوەی گرنگە ئەویە زیانی گیانی نەبێت، چونکە دەتوانرێت کێلوپێلەکان ڕزگار بکرێن و ئێگەری هەیە ٧٥٪ی کەرەستەکان ڕزگاربکرێن.